## تەقینەوەو تیرۆر، بەریسواکردن بنبڕ ناکرێت. ... یادگار

2006-8-29

کێرقی تەقینەوەو کوشت وبڕی دەیان لە خەڵکی بێتاوانی سیڤیل وپۆلیسی ئەم دواییەی، شاری کەرکوکی بەناو کوردستان!، دیسانەوە بەرزبۆوەو تەنانەت گەڕەکە کوردییەکانیشی گرتەوە. کە زەنگێکی خەتەرە و دەبێ بە هەندوەربگیرێت.

دەڵێم بەناو کوردستان، چونکە تائێستا بەفەرمی کوردستان نیەو تەنها لە ئومێدو هەست و هزری تاکی کوردو هەڵگرانی دروشم و ئامانجی ڕێبازی خەباتی حزبەکوردستانییەکان ودۆستەکانیاندا، کوردستانە. زۆربوونی ئەم تەقینەوانەش لەکاتێکدایە، بەرپرسانی پارێزگای کەرکوک، ئامادەکاری دەکەن لەگەڵ لێژنەی باڵای حکومەتی بەغدا بۆ پەیرەوکردنی مادەی 140 و ئاسایی کردنەوەی کەرکوک وکێشەی ئاوارە کوردەکانو عەرەبی هاووردەو قەرەبووکردنەوەو یەکلاکردنەوەی سنوری ئیداری و.. تاد، وەکۆتایی پێهێنانی کێشەکەش لەوەختی دیاریکراوی خۆیدا، هەروەک لە دەستووری هەمیشەیی هەڵبژێردراوی خەڵکی عیراقدا، سەلمێنراوە. ناوێرم بڵێم بە ملیۆنەها دۆلاریشی بۆ تەرخانکراوە، نەبادا، بەدەردی بەڵێنی ملیۆنەکانی پێشووتری سەردەمی عەللاوی وجەعفەری بچێ!

وەلەکاتێکیشدایە، میلیشیای تەیارە توندرەوە شیعەکان وسوننیەکان، دەیانەوێ شەری قڕکردنی تایفی خۆیان لەباشوورو ناوەراستی عیراقەوە، بگوازنەوە بۆ کەرکوک، تا حزبەکوردییەکان و خەڵکی خێرلەخۆنەدیوی شاریش لە شەڕەکە تێوەگلێنن وکەرکوکی وێرانە وێرانتر بکەن. لەلایەکی ترەوەش، بەرەی تورکمانی وەک چۆن لەسەرەتاوە بە ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عیراق مێشکی ئاوساو، سەرتاپای گیانی لیری کردو کەوتە خورین!!، ئێستاش وا لەکاتی جێبەجێکردنیدالە جیاتی پشتگیریکردن وبەخۆداچوونەوە، خیشی کردووە بە دەستی بیانووی، بەرۆکی کوردو ماددەی 140 دەگرێ!. ئالێرەوە، خەڵکی کەرکوک دەبێت، هۆشیارو بەئاگا بن و چاودێری بەرپرسە ئیداری وئەمنییەکانیان بن، کە لە چ ئاستێکدان؟ بە چ ئاقارێکدا هەنگاو دەنێن؟ وە چۆن لە خزمەتی خەڵکی شارو ماددەی 140 دا کار دەکەن؟ باش وخراپ، دڵسۆزو هەلپەرست، زەرەرمەندو سوودمەند. لە م بارە ناسک و ناهەموارەی کەرکوکدا، بەویژدانەوە پۆلێن بکەن.

لێرەدا قسە ئەوەیە،

بەتەنها ئیدانەکردن و ریسواکردنی تەقینەوەو تیرۆر، لە ئاست ئەو قوربانیانەدا، بە بڕوای من هیچ شتێک نابەخشێ و سەبوریش نادات بەکەسوکاری قوربانییەکان. بۆ هەیکەل وهەیبەتی دیموکراتیەت و کومەڵگای مەدەنیش لەکەرکوکدا، هیچ رەواجێکی نابێت و ئەم تیرۆرە نەگریسە بنبڕ ناکات و خەڵکیش ئاسوودە ناکات. بەڵکو بۆ ریسواکردن وئیدانەکردنی تیرۆرکە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە لەم دواییەدابەیان کراو چەندین جاری تریش بەیانی کردووە، پێویستە هەنگاوی کردەیی هەڵهێنێ:

- بیر لە پلانێکی بابەتی و بنەرەتی و واقیعی و قەتعی بکاتەوە بۆ پرسی ئەمنی شاری کەرکوک و تۆکمەکردنی، بەتایبەت لیستی برایەتی کە دەنگی زۆرینەی ناوئەنجومەنی پارێزگان و لەلایەن خەڵکی شارەکەوە متمانەیان پێدراوە. وا بێ لەو پلانە ئەمنیەدا هانی خەڵکی شار بدرێت وهۆشیار بکرێنەوەو ئیمکاناتیان بۆ فەراهەم بکرێت، تا رۆڵی گرنگی تیا بگێرن وهەرکەس لەئاستی خۆیەوە، بەجۆرێک لە جۆرەکان پۆلیسێک بێت بۆ شارەکەی.

- پێویستە یەک دەزگای ئاسایش وهەواڵگری لە هەموو حزبەکان وخەڵکی دڵسۆزی شار پێک بێنێ، بەتایبەتی لە حزبەکوردستانیەکان، کە کەرکوک بە شارێکی کوردستانی دەناسن وبەخاکی بابوباپیرانی خۆیانی دەزانن، نەک بووترێ (ئۆخەی ئۆخەی، هەرکەس بۆ خۆی) !

- پێویستە، هەواداران و ئەندامەکانی حزبەکان، بەتایبەتی پارتی ویەکێتی، هەماهەنگییەکی تەواو دڵسۆزانەیان لەگەڵ یەک و، لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی شاردا هەبێت وئەم هەماهەنگییەش، میکانیزمێک و مەرکەزییەتێکی هەبێت، نەک هەر حزبەوبۆ خۆی هەماهەنگی بکات و کەس گوێ لەویتر نەگرێ وخۆی خاوەن بریار بێت.

- دەسەڵاتێکی رەهای شارەزاو لێهاتووی ئەمنی هەبێت، کەبڕواومتمانەی ئەنجومەنی پارێزگای پێ بدرێت وەک مەرجەع و خاوەنی بریاری ئەمنی لەسەر ئاستی هەموو پارێزگا بناسرێ، بێ سڵەمینەوە بریار بدات ومەرایی بۆ هیچ لە نەتەوەکانی شاری کەرکوک وکەسایەتییەک نەکات. تاوانکار سەر بەچ لایەک، یان بە نەتەوەو مەزهەبێک بێت، بەسزای یاسایی خۆی بگەیەنێ وبەدوایدا بچێ، نەک بگیرێ ولەبەر خاتری فیسارو فلان بەرەڵا بکرێ.
- مرۆڤی دزو گەندەڵ ومشەخۆر لە فەرمانگە ئەمنی وئیدارییەکان و غەیری ئەوانیش چاوی لێ نەپۆشرێ، بە هاوتای ئەو بەعسی و کۆنە جاش و موستەشارانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، کە دەستیان لەئەنفالی کوردا هەبووەو سامانی خەڵکیان تالان کردووە. بە شێوەیەکی یاسایی بەبەرچاوی خەڵکەوە سزا بدرێن و لە میدیاکاندا ریسوا بکرێن.

- پشت ببەسترێ بە ئەفسەری لێهاتوو و پسپۆر و خاوەن هەڵوێستی نیشتمانی و تەجروبە لە بواری کاری پۆلیس وئاسایش وهەواڵگریداو سوود لە تواناکانیان وەربگیرێ وکاری پێبکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی شارەزا هەبێ کە توانای هەڵسەنگاندنی هەبێ وسەربەخۆ بێ لە بریاردان‌دا.
- یەک ووتەبێژی دەزگای پۆلیس، یان هەواڵگری یان ئاسایش هەبێ، نەک هەر حزبەی بۆ خۆی باسی رووداوێک بکات و بە پێی ئینتیمای حزبی لە تەلەفزیۆنەکانیاندا، نیشان بدرێت.
- ململانێی شەخسی و نەتەوەکانی ناو ئەنجومەن، لەسەر ئەم پۆستی ئەمنی یان ئەو پۆست وەلابخرێ. با دەسەڵاتی ئەمنی خاوەن بریارو بڕواپێکراو لەلایەن ئەنجومەنەوە بۆ ئەو مەبەستە سەرپشک بێ.
ئەمانە چەند پێویستییەکی هەنوکەیین، کە بە بڕوای من گەر ئەنجومەنی شاری کەرکوک، هەنگاوی بۆ بنێ، ئەواتۆرو بۆسەکان بۆ ڕاوی تیرۆریستان فراوانترو بەهەڵپەتردەبێ سە ر وسامانی هاوڵاتیانیش باشتر دەپارێزرێ و وورەو متمانەشیان بە پیاوانی پۆلیس وئاسایش بەرزتر دەبێتەوە. دیارە تا ئەمنییەتیش بەرقەرار نەبێت، ئاوەدانی وگەشەکردنیش ماڵی وێرانە.